# ئایا گوناهو تاوان مەرجە خێرا کاریگەریان هەبێت

[ كردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ هل الذنب لابد أن يؤثر في الحال ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئايا گوناهو تاوان مەرجە خێرا كاریگەریان هەبێت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام بۆ سەر گیانی پێشەوامان محمد المصطفی وە بۆ سەر گیانی ئەهل وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان هەندێكمان واگومان دەبەین ئەگەر هاتوو گوناهێكمان كرد ئەگەر خێرا یان لەكاتێكی نزیكدا كاریگەری بەجێ نەهێشت، ئیتر پاشتر كاریگەری نابێت، وخوای گەورە لەبیری دەچێتەوە هەروەك چۆن هەموومان گوناهـ لەسەر یەك كەڵكە دەكەین ولەبیرمان دەچێتەوە، پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە و پەروەردگار ئەگەر هیچی لەبیر بچێتەوە، ئەوە ئێمەی خراپەكارو گوناهبارین بەدرێژای شەو ورۆژ تاوان دەكەین، كەچی بەبێ ئەوەی تەوبەیان لێی بكەین پشتگوێشیان دەخەین، وادەزانین خوای گەورەیش لەبیری چووەتەوە !!

ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : سبحان الله ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیە چەند خەڵكی بەهیلاك وتیاچوون برد ! وە بوو بەهۆی لەناوبردنی

چەندەها نیعمەتی خوای گەورەیش ! وە چەند سزا وتۆڵەیشی بەدوای خۆیدا هێنا ! ئەم بیروبۆچوونە چەند زانا وخەڵکی بەرێزیشی بەهەڵەدا برد، ئەوە بابوەستێ خەڵکانی نەزان و جاهیل هەر مەپرسە ! ئەم خەڵکانە نازانن تاوان و گوناهـ کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێت ئەگەر پاش ماوەیەکی تریش بێت، هەروەك چۆن ئەو کەسەی کە شتێکی ژەهراوی دەخوات پاش ماوەیەك وورده وورده کاریگەری لەسەر دەردەکەوێت .

بۆیە هیچ کەس لەئێمە با بەلایەوە غەریب نەبێت ئەگەر هاتوو خۆی، یان لەماڵ ومناڵیدا، یان لەکاروپیشەکەیدا تووشی موصیبەتێك بوو، جا ئەو موصیبەتە بچووك بێت یان گەورە، ئەوە سزا وتۆڵەی تاوان وگوناهێکە کە پێشتر کردوویەتی، خۆی لەبیری چووەتەوە کە ئەو گوناهەی ئەنجامداوە، بەڵام خوای گەورە لەبیری نەچووەتەوە، چونکە لەکاتی خۆیدا تەوبەی لێ نەکرد وپەشیمان نەبوویەوە، یان پاشتریش نەگەڕایەوە بۆلای خوای گەورە وداوای لێخۆشبوونی لێ بکات وئیستغفاری بەردەوام بکات .

بۆیە ئەگەر سەیری دڵە زیندووەکان بکەین، ئەو دڵانەی کە گوناهـوتاوانیان بەلاوە قورسە، کاتێك تووشی موصیبەتێك یان ناخۆشیەك دەبن لەژیانیاندا خێرا گوناهـ و تاوانەکانی خۆیان بیرئەکەوێتەوە وئەزانن کەبەرامبەر

پەروەردگاریان چیان ئەنجامداوە، بۆیە ئەگەر پاش ساڵانێکیش بێت ئەم موصیبەت وتاقیکردنەوەیە وایان لێ دەکات جارێکی تر تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆلای خوای پەروەردگار وداوای لێخۆش بوونی لێ بکەن، بەڕاستی خوای گەورەیش ئەمەی دەوێت لە بەندەکانی کە هەرگیز گوناهـ وتاوان بەبچووك نەزانن، بەڵکو بیر لەگەوری ئەو ذاتە بکەنەوە کە گوناهەکەی بەرامبەر ئەنجام دەدەن، ئەگەر ئەنجامیشیان دا دەستی نزا وپەشیمانیان بەرز بکەنەوە بۆلای و داوای لێخۆش بوونی لێ بکەن، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە پیرۆزە ئیستغفار و داوای لێخۆشبوونی بەندەکانی بەهەند وەردەگرێت .

ابن سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : ئەو تاوان وگوناهە دەناسمەوە کە بوو بەهۆی ئەوەی کە قەرزاری خەڵکی ببم، ئەویش ئەوە بوو پێش چڵ ساڵ بە هەژارێکم ووت : هەی موفلیس ...!

عەمر کوڕی مەڕەیش دەڵێت : سەریری ئافرەتێکم کرد جوانییەکەی زۆر بەلامەوە عەجیب بوو، خێرا چاوم داخست لەسەیرکردنی، لەخوای گەورە ئەخوازم ئەو چاوداخستنەم کەفارەتی گوناهەکەم بێت .

جا ئەگەر ئاوابێت باهەوڵ بدەین سەرەتا گوناهـ وتاوان نەکەین، خۆ ئەگەر تاوان وگوناهیشمان کرد، خێرا داوای لێخۆش بوون لەپەروەردگار بکەین، وتەوبەی نەصوحی لێ بکەین، ئەو تەوبەیەی کە سێ مەرجی سەرەکی دەوێت : وازهێنان لەوتاوان وگوناهە، پەشیمانی دەربڕین لێی، عەزمکردن لەسەر ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەر ئەو گوناهە، بەڵکو بە ڕەحم و میهرەبانی خوای گەورە بەم کارەمان شایانی لێخۆش بوونی خوای گەورە بین لەدواڕۆژدا، وە ببێت بەهۆی سڕینەوەی کاریگەری وئاسەوارە خراپەکانیشی لەدونیادا إن شاء الله .

ئەی خوایە، ئەی پەروەردگاری دونیا و دواڕۆژ، ئەی زانا بەهەموو نهێنی و شاراوەکانمان، بەڕەحمی وکەرەمی خۆت لەگوناهەکانمان خۆش ببە وبمانگێرە لەو کەسانەی چاوپۆشیان لی دەکەیت لە قیامەتدا .